ئەو وتارە ڕۆژی شازدەی مانگی مارسی 2014 لە کۆبوونەوەی کوردەکانی شاری وێستڕۆس لە وڵاتی سوئێد بە بۆنەی ساڵرۆژی کارە ساتی هە ڵە بجەوە پێشکەش کراوە.

**کارەساتی هەڵەبجە**

هاونێشتمانانی خۆشەویست سڵاوی گەرمتان پێشکەش دەکەم . زانای بە ناوبانگ و خاوەن جێ و رێ ڕێزدار ئەحمەدی خانی دەفەرموێ :

کرمانج دە دەوڵە تا دنێ دا ئاخۆ بە چ جورمێ بوونە مە حکووم بیلجوملە ژبۆچی بوونە مەحرووم؟ هەروەها لە درێژەی فەرمایشەکەی دا دەڵێ:

گە ر دی مە هە بایە پادشاهە ک خاوەن کەرە مەک خودان کولاهەک

تورک و عەرەب و عەجەم تەمامی ژی بۆ مە دەکرد هەمی غولامی

تراژدی 16ی مارسی 1988ی شاری هەڵەبجە عالقەیەک لە زنجیرەی ئەو مەحروومیەت و مەحکوومیە تە یە کە خانی ئیشارەی پێ دەکا بەڵام تاوانەکە لێرە روونە ، ئەویش تاوا نی کوردبوون و داکۆکی لە خەباتی رزگاری خوازانەی گەلی کورد و بە گژ داچوونە وەی دەسەلاتی رەش و پر لە ستەمی حزبی بەعس و سەدام حۆسێن بوو. یازدە مانگ پێش ئەو ڕووداوە خەڵکی شاری هە لە بجە ڕاپەرینێکی مێژوویی یان کرد وپشتیوا نی خۆیان لە مافی ئازادیی گەلی کورد دەربڕی و بێزاری خۆیان لە دەسەڵاتی جە بارانەی حکوومەتی عێراق نیشان دا . ئەو ڕاپەڕینە لە گەرمەی شەڕی ئێران و عێراق دا و لە ئەوجی هە ڵمە تی پێشمەرگەی کورددا وەها لە سەر دلی جەبارانی بەغدا گران هات کە وەک شێتان دەستی تاوانیا ن درێژ کرد و ئەو جنا یە تە یان خوڵقاند . لەو ڕووداوە دڵتەزێنەی 16ی مارسی 1988دا زیاتر لە 5000 کەس لە خەڵکی شاری هەڵە بجە لە بۆمبارانی شیمیایی دا گیانیان لە دەست دا و زیاتر لە 9000 کەسیش لە دانیشتوانی ئەو شارە بریندار بوون .ئەوە بێجگە لەو خەلکەیە کە لە دەرەوەی شاریش تێداچوون . هەزاران کەسیش ئاوارە و بێ خانمان بوون.

ڕووداوەکە ڕۆژی جومعە کاتی نان خواردنی نیوەرۆ و دوو ڕۆژ دوای دەست بە سەر داگرتنی شارەکە لە لایەن هێزەکانی ئێرانەوە ڕوویدا. 50 تەیارەی میراژ و سووپر ئە تاندارد هەرکام چوار بۆمبی 500 کیلویی شیمیاییان بە سەر شارەکە دادا . ئەو بۆمبانە لە گازی ئیمپریت (خەردەل)، تایفون، سارین و سیانوژن دروست کرابوون. دەستووری ئەو کارە لە لایەن شە خسیی سە دام حسێنەوە درابوو ، عەلی حەسەن مەجید فەرماندەی ناسرییە ، سەرلەشکر مەجید شەعبان فەرماندەی هێزی هەوایی عێراق و سەرلەشکری ستاد سا لم سوڵتان ئەلبەسوو هەروەها پەنجا خەلەبانی عێراقی کە دەیان زانی چ دەکەن ئەو تاوانەیان ئەنجام دا.

ئەحمەدی نا تقی خەبەرنگاری ڕۆژنامەی جەمهووریی ئیسلامی دەگەڵ سەعید سادقی و سەعید جان بزورگی کە ڕۆژێک بەر لە ڕووداوەکە چوونەتە هەلەبجە و لەوێ ماونەتەوە، چاویان بە ئەسڵی ڕووداوەکەوە بوە و ئەو وێنانەی لەو کارەساتە هەڵگیراون ئی ئەوان و وێنە گرێکی هولە ندیە بە نێوی کیس شپمن کە لەگەل خەبەرنگاری بی بی سی دوو ڕۆژ دوای بۆمبارانەکە چوونەتە هەڵە بجە. وێنە کەی عومەری خاوەر ، سەعید سادقی هەلیگرتوە و سەعید جان بزورگی بە هۆی مە سموم بوون بە مەوادی شیمیایی دوا یی فەوتی کردوە. ئەگەر ئەوان نەبوایەن ئێمە ئێستا ئەو موستەنەداتەمان نەدەبوو.

سەعید سادقی دەڵێ رۆژی جومعە بوو . لە بڵێند گۆی مزگەوتەکانەوە ئایاتی قورعان بڵاو دەبۆوە و ئێمە لە بەرزاییەکانی پشتی شارەکە چووبووینە سەیران . هەوا زۆر خۆش بوو. چاومان بریبوە سەوزەڵانی و دیمەنی جوانی دۆڵی هەڵەبجە و دەشتی شارەزوور کە پر لە گوڵ و شیناوەرد و جوا نی بوو . دەتکوت بە هە شتی سەر رووی زەمینە. لە ناکاو دیتمان دووکە ڵی سپی لە هیندێک شوێن بڵاو بۆوە . بە هۆی ئەوەی لە بەرەکانی شەڕدا گوێم لە گرم و هۆڕی شەڕ ببوو گوێچکەکانم کپ ببوو و شیرجەی ئەو تەیارانەم نەبیست کە بۆمبە کانیان بەرداوە. یەک سەر بەرەو خوار بەرەو شارەکە هەڵاتین و دوای پێنج شەش دە قیقە یەک گەیشتینە و دیتمان بەشی زۆری خەڵکە کە هەر زوو فەوتیان کردوە و نەماون و بەشێکیش هیلاکن و خەریکن گیان دەدەن .بەختەوەرانە شنەبایەکی دەهات بەشیکی زۆری ئەو هەورە رەنگ خۆڵە مێشیەی کە تا بەرزایی دوو سێ میتر لە عەرز هەموو شارەکەی داپۆشیبوو بەرەو دۆڵەکان راماڵی

کریستن گاسدن خەبەرنگاری بی بی سی کە دوو رۆژ دوای رووداوەکە چوەتە شارەکە دەڵێ :هێزەکانی جەمهووریی ئیسلامی پودری قسڵیان بە سەر جەنازەکان دا پرژاندبوو بۆ ئەوەی خرانەبن. هەروەها ڕێگایان نەدابوو کەس و کاری کوژراوەکان بێنەوە و عەزیزانی خۆیان بنێژن تا خەبەرنیگار بێن و بە چا وی خۆیان هەموو شت ببینن. جەنازە لە هەموو جێگایەک کەوتبوو لە سەر خیابان ،لە پشت دیوار ،لە نێو ماڵان و دیار بوو هەر کامەی هەوڵی دابوو عەزیزێکی خۆی بپارێزێ ، منداڵێک ، خێزانێک یا هەر کەسێکی دیکەی. بۆمبێک لە سەربانی ماڵێکەوە چووبوە ژوورێ کە خەریکی نان خواردن ببوون.هەموویان مردبوون . یەکیان پارووی لە زاردابوو یەکی دیکەیان بزەی بە سەر لێوەوە بوو ، دەتکوت خەریکی گێڕانەوەی قسەیەکی خۆش بوە . هەموویان لە چاوترووکاند نێک دا گیانیان دابوو. هێزی هەوایی عێراق دوو رۆژ پێش شیمیایی بارانی شارەکە مورەتەب بۆمبارانی عادیی کردبوو تا شووشە پەنجەرەکان بشکێن و تەئسیراتی گازەکە باشتر بچێتە نێو ماڵەکانەوە.

سامەڕایی رەییسی ئەوکاتی ئیستخباراتی عێراق دەڵێ : (ئەمریکا ئاگاداری کردبووین هێزیکی تۆپخانەی ئێران بەرەو هەڵەبجە وەرێکەتوتوە و ئێمە واحیدی جۆراوجۆرمان ئامادە کردبوو داکۆکی لە شارەکە بکەین بەڵام چۆنکە مەبەستی بۆمبارانی شیمیاییان هە بوو رێگانەدرا ئەو هێزانە بە کار بهێندرێ . ئیستخبارات دەگەڵ ئەو کارە موافق نەبوو بەڵام قسەی نەی بڕی . ئەوەش دەگەڵ قسەی هەواڵنووسی بی بی سی یەک دەگرێتەوە کە دەڵێ دوو رۆژ بۆمبارانی عادیان

دەکرد تا شووشەی پەنجەرەکان بشکێ و تەئسیراتی گازەکە زیاتر بێ. )

کاتی گیرانی هەڵەبجە لە لایەن هێزەکانی ئێران و هێزی پێشمەرگەی گەرمێنەوە ئەمن لە سلێمانی بووم و ئەوانەی چاویان بە رووداوەکانەوە بوو کوتیان : هێزیکی نزیک دووسەد کەسیی ئێرانی بە سواری موتورسکلێت لە شناروێ و لای دزڵی وئەحمەداواوە بە پەلە خۆیان گەیاندە پشت خەتی جەبهە ی عێراقیەکان و دوایە هێرشیان کرد سەر پردی زەڵم و دەستیان بە سەر پردەکە داگرت . واحید یکی عێراقی بە زرێپۆشەوە لەوێ بوون شەڕێکی وایان نەکرد و زوو تەسلیم بوون هەروەها ناوەندی فەرماندەیی فرقە کە لە سەراوی سوبحاناغا بەینی سەیدسادق و شێخان بوو تەسلیم بوو و ئامێر فرقە بە هلیکوپتێر گوزراوە بۆ ئیران . دەکوترا مەزهەبەن شیعە و لە موخالفینی سەدام بوە و پێوەندی دەگەڵ ئێران هەبوە. بۆیە تەقریبەن داکۆکیەکی وا لە شارەکە نەکرا و بە هاسانی دەستی بە سەر دا گیرا.

ئەوەش دەگەڵ قسەکانی سامەڕایی یەک دەگرێتەوە کە بە عەمد هێزیان بۆ داکۆکی لە شارەکە نە هێناوە چونکە نەخشەی دیکەیان بۆی هەبوە.

پرۆژەی چەکی شیمیایی عێراق دوای رێککەوتن نامەی ئەلجەزایر، لە 70 کیلۆمتریی بەغدا لە ژێر کۆدی 922 و بەرهەم هێنانی کوودی شیمیایی دەستی پێکرد . عێزەت ئیبراهیم ئەلدووری ئەندامی شووڕای فەرماندەیی ئینقلاب و وەزیری کەشاوەرزیی عێراق قەراردادی درووست کردنی ئازمایشگای باکتری شناسی دەگەڵ موەسیسەی (مریو) ی فەرانسەوی ئیمزاکرد . هەوەڵین بەرهەمی ئەو کارگایە گازی رشانەوە بوو. سەحیفەلحەداد ، رەمزی دەلوول، عەدنان خەیروللا، کارلوس آرکادیون، مارسل داسۆ(راوێژکار)ی فەڕانسەوی ، ژاک شیراک ، ئەلکساندرمارست رەییسی پۆلیسی نهێنی فەرانسە لەو کەسانەن کە رۆڵی گرینگیان لە پرۆژەی چەکی شیمیایی عێراق دا هەبوە. فرانس فان آن راتی هولەندی دەلاڵی چەکی شیمیایی عێراق بوو . لە وڵاتانی هولەند ، بلژیک ، ئەمریکا ، فەرانسە و ئالمان شتی بۆ کڕی. ئەلمان بەشێکی زۆری زەرادخانەی شیمیایی خۆی پێ فرۆشت . ساڵی 1985 سەدوو پەنجا شیرکەتی ئەلمانی ، 19شیرکەتی فەرانسەوی، 18 شیرکەتی بریتانیایی ، 18شیرکەتی ئەمریکایی لە پێوەند دەگەڵ پرۆژەی شیمیایی دا لە عێراق هەڵدەسووڕان .ساڵی 1982 عێراق قەراردادێکی دەگەڵ شیرکەتی (درای را یشی ) ئەلمانی غەربی ئیمزاکرد و لە رێگای ئەو شیرکەتەوە لە هولەند، بلژیک، فەڕانسە و ئەلمان مەوادی شیمیایی کڕی. کورت و موختەسەر هەموو وڵاتانی ئەندامی دایمیی شووڕای ئەمنیەت کە ئەرکی پاراستنی سولحی جیهانیان لە سەر شانە کەرەسە و مەوادی پیویست بۆ دروست کردنی چەکی شیمیاییان بە عێراق فرۆشت و ئەوەش بە پێچەوانەی ناوەرۆکی قەراردادی 1925 ە کە ئەو وڵاتانە هەروەها عێراق ئیمزایان کردبوو وباس لەوە دەکا کە تەولید و تەوزیعی چەکی شیمیایی مەمنووع و قەدەغەیە. ئەندامانی شووڕای ئەمنییەت لە باتی نەزارەت کردن بەسەر بەڕێوە بردنی ناوەرۆکی قەراردادی 1925 دا بۆخۆیان پێ شێل یان کرد و کردیانە وەرەق پارەیەک.

بنکەکانی بەرهەم هێنانی چەک و کەرەسەی شیمیایی عێراق لە ئەلموسەنا، سەلمان پاک ، ئەلحەکەم ، ئەلمەنال ، ئەلسەفا ، ناجی ، فەلووجە و محەمەدیە بوون و گازو مەوادی شیمیایی دیکەی وەکوو ئانتراکس، بوتیلیسم، میکوتوکسین، تابون، خەردەل، سارین، ستافیلوکۆک، موستارد، نیترۆژنە، و تەرکیباتی سیانوریان بەرهەم دێنا. عێراق هەروەها پرۆژەی تەولیدی بۆمبی ئەتومی هەبوو و بە ئازمایش لەسەر ئوکسید زینکویوم دەستی پیکرد بەڵام سەرنەکەوت.

بە کار هێنانی چەکی شیمیایی لە شەڕی جیهانی هەوەڵەوە کە بریتانیا لە هێندێک شوێن بە کاری هێنابوو تەنیا لە سالی 1937/1936لە لایەن ئیتالیای موسولینیەوە لە شەڕی ئتیووپی جارێکی دیکە بە کار هاتبوو ئیدی هیچ وڵاتێکی دیکە تەنانەت لە شەڕی جیهانی دووهەمیش دا کەس بە کاری نە هێنابوو بەڵام عێراق لە شەڕی ئێران و شەڕی کورد دا بە بەربڵاوی بە پێش چاوی کۆمەڵگای جیهانیدا وبە بەرچاوی شوورای ئە منیە تدا بە کاری هێنا و تەنیا دوای رووداوی هەلەبجە کە جنایەتەکە یان ئیدی بۆ قووت نەدرا لێویان بزاوت. ئەگەر ئەوکاتەی عێراق هەوەل جار لە رێکەوتی 23ی مانگی 7ی 1359لە مەنتەقەی خەفیر و جزیرە لە نزیک مەیمەک لە گازی ئەعساب کەڵکی وەرگرت و دوای ئەویش بە ئاشکرا لە جە بهە ی پیرانشار ، مەریوان، بانە، سەرپول زەهاب، نۆدشە، شنۆ، مهران، خورەمشە هر ، شەلەمچە ، مەجنوون چەکی شیمیایی بە کار هێنا ، پێشی پێ گیرابایە ئەو ماڵویرانیە گەورەیە لە کورد نە دە قە وما.

رووداوی هەڵەبجە عالقەیەک لە زنجیرە ئوپراسیونێک بوو بە نێوی ئەنفاڵ کە لە هە شت قوناغ دا بەڕێوە چوو . قوناغی هەوەڵ ساڵی 1982 بە سەر بە نیست کردنی 8000 نێرینەی بارزانی دەستی پێکرد و قوناغی ئاخری کاول کردنی ناوچەی گەرمیان بوو. مە بەستی ئەو ئوپراسیونانە بە چوک داهێنانی خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی کورد و قەلاچۆ کردنی نەتەوەیی ئێمە و بە عەرەب کردنی خاکی کوردستان بوو. ئەنفاڵ سوورەی هەشتی قورعان و بە مانای غەنیمەتی جەنگیە. لە ئوپراسیونەکانی ئەنفال دا 4000شار و گوند وێران کران 182000کورد تێداچوون و 5 ملیۆن کورد ئاوارە بوون.مە بەست لە ئاوارە بوون تەنیا هاتنە دەرەوەی کوردستان نیە بەلکوو جێ گۆیستنەوە و شار بە شار بوون و مەجبوور کران بە بە جێ هێشتنی مالی خۆشت هەر ئاوارە کردنە. ئەوە جیا لەو زەرەر و زیانەیە کە شەڕی ئێران و عێراق بە کوردستانی گەیاند . بەشێکی عومدەی جەبهە ی ئەو شەڕە کەوتبوە خاکی کوردستانەوە . شەڕی ئێران و عێراق لە کاتێک دا هەڵایسا کە ئاوری شۆڕشی کوردستان لە هەردوودیوی گەرمێن و کوێستان بلێسەی دەدا بەلام هەلایسانی ئەو شەڕە بە داخەوە مەسەلەی کورد و شۆڕشی کوردستانی تەحتوشوعاع قەرار دا.

سەدام و خومەینی بەرپرسانی هەڵایسانی ئەو شەڕەن . لەباری حوقوقیەوە سەدام تەجاوزکار بوو ، خومەینیش بە دوژمنایەتی دەگەڵ سەدام و تەبلیغ کردن بۆ سدووری ئینقلاب و نیهزەتی شیعە دەستی سەدامی بۆ هێرش ئاواڵە کردەوە .خومەینی دەیکوت نیهزەتی ئێمە جهانیە و بە شەرق و غەرب میتازیم . نامەی بۆ میخائیل گورباچۆف سەدری هەیئەت رەییسەی ئیتحادی جەماهیری شوورەوی دەنووسی و مەزایای ئیسلامی بۆ تەشریح دەکرد و تەلویحەن داوای لێ دەکرد روو لە ئیسلام بکا و سەدامیش خۆی بە بەتەلی ئومەی عەرەبی دە زانی و دەیکوت ئاورێک لە سنوورەکانی رۆژهەلاتی وەتەنی عەرەبی هەڵگیرساوە و دەیەوێ بیکووژێنێتەوە. ئەو دوو تاوانبارە بۆ داسەپاندنی دەسەڵاتی خۆیان و ئامانجی تەوسعە تەڵەبانەیان لە دانی قوربانیی گیانی و مالی نەدەپرینگانەوە.لە ماوەی هەشت ساڵ شەڕدا 42 وڵات چەکیان بە ئێران و عێراق فرۆشت . 11 وڵات و لەوانە (هەر پێنج ئەندامەکەی شووڕای ئەمنیەت ) چەکیان بە هەر دوو لایەن دەفرۆشت . وڵاتانی گەورە درێژەکێشانی شەر و فەرسایشی کردنی شەڕەکەیان بە زەرەری خۆیان نەدەزانی و هەولی خاتیمە دانی شەڕیان نەدەدا.

داناڵد رامسفێلد وەزیری دفاعی ئەمریکا لە زەمانی جورج بووش دا لە بیرەوەریەکانی دا دەڵێ : (ئێمە پێوەندی مان دەگەڵ عێراق نەبوو بەڵام هێندێک زەرووڕەت ئێمەی هێنا سەر ئەوە پێوەندی دەگەڵ ئەو وڵاتە بەرقەرار بکەین و پشتی بگرین.یەکەم ئەوەی عێراق دوژمنی سەرسەختی ئێران و سووریە بوو .ئێران سەفارەتخانەی ئێمەی داگیر کردبوو وکارمەندەکانی سەفارەتخانەی بە دیل گرتبوو ،سووریەش بەشێک لە خاکی لوبنانی داگیر کردبوو و سەربازی ئێمە لەوی کوژرابوون . ئێستا عێراق دەگەڵ هەردووی ئێران و سووریە کە لە دژی بەرجەوەندیەکانی ئێمە بوون دوژمنایەتی هەبوو و دەبوو لە دوژمنایەتیە دا پشتی بگیرێ هەروەها بە هۆی شەڕەوە ناردنی نەفت لە خەلیجی فارسەوە لە مەترسی کەوتبوو ئێمە داوامان ئەوە بوو عێراق نەفتی خۆی لە رێگای لوولە و لە خاکی ئوردۆن را سادر بکا و عێراق داوای دەکرد ئێمە تەزمین بکەین ئیسرائیل هێرش نەکاتە سەر ئەو لوولەیە ، کە ئێمە ئەو قەولەمان دایە. )

بە بارمتە گرتنی کارمەندانی سەفارەتی ئەمریکا کارێکی وای کرد بووئێران لە کۆمەلگای جها نی دا تەریک ببۆوە و لە بەر ئەوە مەسەلەی هێرشی عێراقی نە بردە شووڕای ئەمنیەت و قە تعنا مەی شومارە 479 کە رۆژی 28ی سپتامبری ساڵی 1980 شەش رۆژ دوای هەڵایسانی شەڕەکە لە لایەن

شوورای ئەمنیەتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان سا در کرا تەجاوزی عێراقی بە نەقزی قانوونی نێو نەتەوەیی نێو دێر نەکرد ولە هەل و مەرجێک دا داوای وتووێژی تەرەفەینی دەکرد کە بەشێک لە خاکی ئێران لە تەسەروفی عێراق دابوو. جەلە سەی شوورای ئەمنیە تیش بە داوای مکزیک و نورویژ پێک هات. لە هاوینی 1982 کە هێزەکانی ئێران ،عێراقیان وەدەرنا و بۆخۆیان هاتنە خاکی عێراقەوە ئیدی ئێران هیچ داخوازیەکی ئاگر بەسی قوبووڵ نەدەکرد و رەفسەنجانی دەیکوت شەڕ شیرین ترین مەکروو هێکە کە ئەنجامی دەدەین.

لە بەینی ساڵەکانی 1984تا 1988دا رێکخراوی نەتەوە یەک گرتوەکان 4 بەیانیە و دوو قەتعنامەی(620/612) سادرکرد کە لە هیچیان دا هیچ ئیلزامێکی نە دەخستە سەر عێراق . ئەوە لە حالێک دابوو لەو ماوەیەدا 7جار نوێنەرانی رێکخراوی نەتەوە یەک گرتوەکان بازرە سیی بەرەکانی شەڕیان کردبوو هەروەها بریندارانی چەکی شیمیاییان لە نەخۆش خانەکانی بریتانیا و بلژیک و ئالمان چاو پێ کەوتبوو. تاریق عەزیزیش ساڵی 1367ی ە،ش ددانی بە بە کار هێنانی چەکی شیمیایی دا هینابوو. تەنیا دوای بۆمبارانی شیمیایی لە سەردەشت و هەڵە بجە نێوی عێراقیان خستە نێو قەتعنامەکانی رێکخراوی نەتەوە یەک گرتوەکانەوە . دوای کارەساتی هەڵە بجە رێکخراوی نەتەوە یەک گرتوەکان داوای لە دەبیر کول کرد لیکۆلینەوە بکا ئایا عێراق قەراردادی ساڵی 1925ی لە ژێر پێ ناوە یان نا ؟ لە 28ی مارسی 1988 خاویەر پرزدوکوئلیار رای گەیاند عێراق چەکی شیمیایی بەکار هێناوە .

هاو نیشتمانانی خوشەویست رەوتی حوقووقیی نێو نەتەوەیی لە سەر دوو پایەی ئە ساسیە . یەکیان موساوات و ئەوی دیکەیان ژئوپولیتیک یا بەرجەوە ند یە . ئەو ئەسڵانە لە سەر کورد ناعادڵانە و بە پێچەوانەی ناوەرۆکەکەیان تەتبیق دەکرێ .بۆ هەموو نەتەوە و دەوڵەتانی دیکە مافی سەربەخۆیی دەستەبەر بوە بەلام بۆ کورد لە خودموختاری و فیدراڵ تێ ناپەڕێ . هەموو وڵاتانی داگیر کەری کوردستان هەقیان هەیە ئەرتە شی بە هێز و چەکی مودێرن یان هە بێ بەڵام کورد ئەگەر بۆداکۆکی لە خۆی و لە مافەکانی دەست بۆ چەک بەرێ مۆری تیروریستیی لێ دەدەن وبە هەمووڵایەک سواری سەری دەبن .نموونەی بەرچاوی تورکیە یە . هەر کێشەیەکت لە گەڵ حکوومەتی ناوەندی هەبێ چونکە بەرجەوەندییان دەگەڵ حکوومەتی ناوەندی یەک دەگرێتەوە بە لای ئەوانی دا دە شکێننەوە و بە زەرەری کورد هەلوێست دەگرن  نموونەی بەرچاوی عێراقە. بەو شێوەیە وڵاتانی گەورە لە پێش دا بەرجەوەندی خۆیان لە بەر چاو دەگرن دوایە بەرجەوەندی حکوومەتەکانی داگیرکەری کوردستان و پاش ئەوان قازانج و مەسڵەحەتی کورد دێتە گۆڕێ و لێرە بە ئاشکرا ئەسڵی موساوات پامالؒ دەکرێ . وڵاتانی گەورە چەک بە دەوڵەتانی داگیر کەری کوردستان دەفرۆشن کە ئێمەی  پی مالوێران دەکەن و دوکتور و دەرمان دەدەن بە ئێمە برینەکانی چەکە کانی وا نی پێ سارێژ کەینەوە . هەتا ئێمە بەشێک لە عێراق یا ئێران یا تورکیە یا سووریە بین و ئەوە رەوتی نێو نەتەوەیی و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوە کان بێ و چارەنووسمان بە دەست داگیرکەرانی وڵاتەکەمان بێ بەرجەوەندیەکانی ئێمە لە مەترسی دایە و هەموو کوردستان بۆ ئێمە هەڵە بجەیە.